**بەش: زانستە کۆمەلایەتیەکان**

**كۆلێژ:ثةروةردةي بنةرةتي**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت: سەرەتاکانی جیمۆرفۆلۆجیا**

**پەرتووکی کۆرس – بۆ نموونە (ساڵی ١)**

**ناوی ماموستا: م.ی.شالاو سردار مجید**

**ساڵی خوێندن: بۆ نموونە ٢٠٢٢/٢٠٢٣**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | سەرەتاكانی جیمۆرفۆلۆجیا |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | شالاو سردار مجید |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | كۆمەلایەتی /پ . بنەرەتی |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل shalaw.majeed@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (٠٧٥٠ ٣٤٠٩٢٢٤): |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٦<br>پراكتیک: ٠ |
| ٦. ژمارەی كاركردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەكدا ٦ كاتژمێر |
| ٧. كۆدی كۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لە ساڵی ٢٠٠٠ لە خوێندنی باڵا وەرگیرام، لە ٢٠٠١_٢٠٠٢ بڕوانامەكەم لە بواری جیمۆرفۆلۆجیای پڕاكتیكی لە بەشی جوگرافیا/ئەدەبیات وەرگرت، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧_٢٠٠٨ بڕوانامەی دكتۆرام لە كۆلێژی پەروەردە (زانكۆی موصل) وەرگرت. |
| ٩. وشە سەرەكیەكان | |

١٠. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:

لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە كۆرسەكە دەكات بە شێوەیەكی گشتی كە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:

- گرنگی خوێندنی كۆرسەكە (بابەتەكە)
- تێگەیشتنی چەمكی سەرەكی كۆرسەكە
- بنەما وبیردۆزی كۆرسەكە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەكانی بابەتەكە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین كردنی هەڵی كار

بابەتی سەرەتاكانی جیمۆرفۆلۆجیا یەكێكە لە بابەتە سەردەمی وگرنگەكان، چونكە لە ئێستادا بابەتی

شێوەکانی زەوی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لە پێشینەی بابەتەکانە کە شارەزایان لە زانستە جیاوازەکان (زانستەکانی زەوی Earth science) بە گشتی و زانستی (ئەندازیاری) بە تایبەت توێژینەوەی لە سەر ئەنجام دەدەن، کۆرسەکە بە گوێرەی پەرتوکە ڕەسەنەکانی زانستی (Geomorphology) داڕێژراوەو، لە هەر سەرەبابەتێك بنەما و چەمکەکانی تایبەت بە سەرە بابەتەکان بەرچاو دەخرێت و شیدەکرێتەوە، ئەوەی تایبەتە بە خاڵی دووەم کۆرس بووکەکە باس لە بابەتە بنەڕەتیەکانی زانستی جیمۆرفۆلۆجی دەکات لە چوارچێوەی بابەتەکانی وەك وەك گرنگی جیمۆرفۆلۆجیا و بنچینەکانی و توێژکردنی شێوەکانی زەوی و پۆلێنکردنیان چۆنیەتی و بەڕێوەبردنی(Management).

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

**دەکرێت بە گشتی ئامانجەکانی کۆڕسەکە لەم دوو خاڵە قەتیس بکرێت:**

**وە دەکرێت ئامانجەکان بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە**

١- شارەزابوون لە چەند بوارێك و بابەتێکی جیمورفۆلۆجی جیاجیا، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ.

٢- ئامادەکردنی بنچینەکانی جیمۆرفۆلۆجی وەك دەروویەك بۆ چوونە ناو زانستی زەوی و بەکارهێنانی زانیارییەکان لە زانستەکانی تر.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

گرنگە قوتابی بایەخ بە بابەتەکە بدات، چونکە سامانی ئاو سامانێکی بەنرخەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیی بە تاکەتاکەمانەوە هەیە، وە ئەمەش بە ئامادەبوونی لە هۆڵەکانی وانەووتنەوەو تاقیکردنەوە دەبێت، وە هەوڵدەدرێت قوتابی ڕێنیشان بدرێت بۆ خوێندنەوە و ئامادەبوون بۆ هەر پرسیارێك کە ڕووبەڕووی دەکرێتەوە لە ماوەی وانەوتنەوە، سەبارەت بە ڕاپۆرت نوسین و سیمینار گرنگە قوتابی بکرێتە تەوەری وانە وتنەوەو بەشداری کارای پێ بکرێت و وە شارەزا بکرێت لە چۆنیەتی ئامادەکردنی.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

**ئەم ئامرازانە بەکاردێت لە وانەووتنەوە**

١- ستریسکۆب

٢-تەختەی نوسین بۆ ڕوون کردنەوە

٣- داتاشۆ

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لە کۆی ٤٠ نمرەی کۆششی وەرزانە ٣٠ نمرە لە سەر تاقیکردنەوەکان و ١٠ نمرە لە سەر ئاستی زانستی قوتابی(بەشداریکردن و پریسەیتەیشن) دادەنرێت، واتا: بەشداریکردن ٥ نمرەو ٢,٥ نمرە پریسەیتەیشن و ٢,٥ تێبینی و ڕەخنەگرتن، وە لەم نێوەندەش (١-٣) نمرەی زیادە وەك (Range) بەو قوتابیانە دەدرێت کە زانیاری زیادە دەدەن بەدەر لەو ١٠ نمرەیە.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

**کۆڕس بوکەکە ڕوونە لەو ڕووەی بە ڕوونی ئاماژە بە بابەتە سەرەکیەکانی بابەتەکە کراوەو هەوڵدراوە بابەتەکان پوخت بکرێن و لە چوارچێوەیەکی زانستی باس و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، تایبەت لەو خاڵەی بابەتەکە شێوەکانی زەوی دەخاتە ڕوو لە چوارچێوەی بابەتی (جیمۆرفۆلۆجی)، وە دواتر ئەو گرفتانەی کە ڕوو بەڕوویان دەبنەوە لە ئاستی جیهان بە گشتی و لە ئاستی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، وە دواتر شیکاری ئەو گرفتانە دەکرێت و هەوڵدەدرێت بە ڕێکارو شیوازی زانستی بەرێوەبردنێکی تەندروستیان لە بارەوە بگیرێتە بەر، وە دەکرێت سەرەتاکانی جیمۆرفۆلۆجیا لەگەڵ بابەتی پراکتیکی بگونجێنرێت و ئەو کاتن کەم تا زۆر ناوەڕۆکی کۆرس بوکەکە دەگونجێنرێت سەبارەت بە بازاری کار، هەروەها قوتابی گەلێك شت فێر دەبێت لە ئەنجامی پێدان و خوێندنی ئەم کۆرسە لە گرنگترینیان قوتابی ئاشنا دەبێت بە بوونی سەرەتاکانی جیمۆرفۆلۆجیا گرنگیەکەی، دواتر چۆنیەتی پاراستن و دۆزینەوەی ڕێگەی زانستی تەندروست بۆ بەرێوەبردنی.**

**١٦. لیستی سەرچاوە**

**سەرچاوە بنەڕەتیەکان:**

**١- أصول جيمورفولوجيا، حسن أبو العينين، دار المعارف، القاهرة،** ١٩٦٨.

**٢- معالم سطح الأرض، جودة حسن جودة، دار النهضة، بيروت،** ١٩٨٠.

**٣- الجيولوجيا العامة، سهل السنوي، كلية العلوم، جامعة الموصل،** ١٩٧٨.

**سەرچاوەی سوودبەخش**

**٤- أساليب الدراسات الجيمورفولوجية/ جودة حسن جودة، القاهرة،** ١٩٦٨.

| **١٧. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| **دەروازەی تێۆری**<br>- **پێناسەکان.**<br>- **گرنگی جیمۆرفۆلۆجیا.**<br>- **زانستی ئاو چ بابەتێك چارەسەر دەکات و دەیخوێنێت**<br>- **ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە لە جیمۆرفۆلۆجیا.**<br>- **سەرچاوەکانی داتاو زانیاری لە زانستەکە**<br>- **جیمۆرفۆلۆجیاو بنچینەکانی (دە بنچینەکەی پورنبری)**<br>- **تاوێر و جۆرەکانی (نیشتەنی، گۆڕاو، ئاگرین)**<br>- **کەشکاری و جۆرەکانی (کەشکاری فیزیای و کیمیایی)**<br>- **داماڵین.**<br>- **ئاوی ڕۆیشتوو بە تایبەتی ڕووبارەکان (سستەمی لە بەررۆیشتنیان و تەرزیان)** | **م.ی. شالاو سردار مجيد**<br>**٦ کاتژمێر** |

| | |
|---|---|
| - بەستەڵەك و کاریگەرییەکانی.<br>- با و کاریگەرییە جیمۆرفۆلۆجیەکەی و جەخت کردنەوە لە سەر ناوچە ووشکەکان و نموونە هێنانەوە تایبەت بە کوردستان.<br>- شەپۆڵەکان و کاریگەرییەکانی لە سەر شێوە بەرزونزمیەکان.<br>- جووڵەی کەرەستەکان.<br>- ئاوی و ژێر زەوی و دیارە پەیوەستەکان پێەوە.<br>- دەریاچە و زۆنگاوەکان و جۆرەکانیان.<br>- گرگانەکان و دیاردە پەیوەستەکان پێەوە.<br>- دەشت و بان و چیا و دۆڵەکان.<br>- پۆلێن کردنی جیمۆرفۆلۆجی بۆ شێوەکانی زەوی. | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| نیە | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**یەکەم:**

- گرنگی تێکرای بەرزونزمی لە لێکۆڵینەوە مۆرفۆمەتریەکان.
- و/ گرنگە چونکە هۆیەکە بۆ جیاوازبوونی جووڵەی کەرەستەکان، بە جۆرێك هەرچەندە تێکرای بەرزونزمی زیاد بکات ڕاستەوانە جووڵەی کەرەستەکانیش زیاد دەکات و هەروەها دەبێتە هۆی جیاوازبوونی بڕی داماڵێن لە ڕووکاری زەوی، جگە لەمانە لە تێکرای بەرزونزمی جیاوازی شێوەکانی زەوی وەك( دەشت و دۆڵ وچیاکان) ی لێ دەخوێندرێتەوە.

**دووەم:**

پ/ مەبەست لە دیاردەی کارست چی یە؟ ئەو هۆکارانە ڕوون بکەرەوە خێراییی توانەوەی بەردە کلسیەکان ی لە سەر دەوەستێت؟

و/ ووشەی کارست داتاشراوە لە ووشەیەکی هیندۆئەوروپی (KAR) بە مانای تاوێر دێت، لەو ناوچانە ڕوو دەدات کە تاوێری کلسی و جبسیەکان داپۆشراون، وە بە گشتی خێرایی توانەوەی بەردە کلسیەکان پەیوەستە بە پلەی گەرمی ئاوەکەو پەستانی گەردیلەیی و هۆکاری زیندەگی.

**٢٠. تێبینی تر**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**